# بەهارو باخچەو....کۆترەژن

شنه

shine_behar@yahoo.com

تازەترین کەتەلۆگی هەموو باخچەکان کۆدەکەیتەوە

جگە لە مۆدێلی باخچەکەی ئەوان،

گەرەکتە باخچەیەک سازکەی،

هەمان گوڵ و هەمان درکی باخچەکەی ئەوانی تێدا نەبێ

دارێ نارۆێنی کە ئەوان نایان

دەتەوێ باخچەیەک چێ بکەی ڕەنگی گوڵەکانی هەر سوور نەبن،

هەر زەرد نەبن، هەر سپی و وەنەوشەیی نەبن

هەر ڕەنگێ لە شوێنێ نەبن!

وەک ڕەنگاڵەی سەر پالێتەکەت،

وەک ماری ئاشقەوماشقە تێکەڵ بن...

>>> <<<

بیرتە جارێ لە یاسای ئەوان لاتداو سەرکێشیت کرد؟

تولە ڕێگایەکت دۆزییەوە بەرەو باخچەیەکی بچوک

تێیدا بۆ یەکەمین جار، پڕ هەناوت بوو لە بۆنی شەونم و نمەی باران....
بۆ یەکەمین جار تۆی وشک تەڕ بووی...

پڕ سۆمای چاوت بوو لە تیشکی خۆر،

لە سپێتی ڕەنگی هەور...

گوێت لە ترپەی دڵی خۆت بوو!

>>> <<<

لەوێ... چوارخشتت پێکەوە ناو ماڵێکت چێکرد

پەلکە زێرینە ڕەنگی خۆی کردە دیاری

بە سەر دیوارو پەنجەرەی ماڵەکەتا باری!

بە لاولاوو ڕەیحانەو گەڵامێو،

سەربانەکەت دارەڕاکرد
جوتێ کۆتر هاتنە میوانییت،
لە گوێسەبانی ماڵەکەت نیشتەجێبوون، کەوتنە گمە کردن ،
باڵییان لە باڵی یەکتر خشان
بە دەنووک کەوتنە ڕامووسان
لانەیان کرد...
>>> <<<
پێکەوە، لە بەر تریفەی مانگەشەو،
کانییەکتان هەڵکەند، بە پەنجەی تۆ و دەنوکی ئەوان...
گوێلی تۆو و باڵی کۆترەکان، یەکترتان تەڕ کرد تا بەرەبەیان
گۆرانیتان ووت، تاخەوتان لێ کەوت
ئەوان لە سەر پرچی تۆ و تۆ لە سەر باڵی ئەوان ...
>>> <<<
شەوێ بومەلەرزەیەک بەرپا بوو،
ڕەشەبا هەڵیکرد، کۆترەکان و تۆ لە خەوی شیرین ڕاچڵەکان
ئەوان بوون،
خوایان هەناردە گیانتان
خوا چاوی لێ زاق کردنەوە
خوا فوویەکی کرد،
لە فووی ئایەتەلکورسی پیرەژنێکی زۆرزان دەچوو...
فووەکەی گەردەلولێکی تۆزاوی زەرد بوو، ئاسمان و زەوی تار کرد،
دڵت خاو لێی دا....
گەردەلوولی فوی خوا، بەم لادا و بەولادا، خۆت و کۆترەکانی خولاندەوە
لە باشورەوە بۆ باکور لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ...
>>> <<<
ئەوان هاتن
ئاگریان بەردایە هێلانەی کۆترەکان
تا باڵیان سووتاو گمەیان کپ بوو...

تۆ دڵت خاو لێیدا... بۆ ساتێ لە لێدان کەوت

کەچی نەمردی!

>>> <<<

خەو دەبینی،

ڕێگایەکی نوێ دەدۆزیتەوە،

بە سەریدا هەنگاو دەنێی

چیتر نابیتە میراتگەری جێپێی ئەوان

با کوێر ببنەوە، چش!

باخچەیەک سازدەکەی، هیچ لە باخچەکەی ئەوان ناچێت

هیچ گوڵێکی،

باخچەکەی ئەوانت ناخاتەوە یاد...

>>> <<<

دڵم پێم دەڵێ

ئێوارانێ،

جوتێ کۆتر بە قەد گەردێکی بچکۆلە بە سەر باڵی پەپوولەیەکەوە دێن و

لە سەر شادەماری دڵت دەنیشنەوە

نەرم وەک شنەی با، ختولکەی هەناوت دەدەن!

سۆمای چاوت پڕ دەکەن لە گزنگ................